www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 10:17 28-2-2006

## کتێبەکەی مەریوان و موفلیسانی هزر ... سەباح ئیسماعیل

ئازادی بڵاوکردنەوە و دانەنانی سانسۆر لە سەر هزر، لە سەر کتێب و رۆژنامە و چاپەمەنی سەنگی محەکی پێشکەوتنی هەر میللەت و وڵاتێکە. لە سەر دەڵەتە ئەو مافەی کە بە خەبات و فیداکارییەکی زۆر بە دەستی هێنراون و لە خزمەتی میللەت و خۆیدایە، رەت نەکاتەوە و هەمیشە بیپارێزێ. فەرەج فۆدەی بیرمەندی میسری، لە بەر ئەوەی دژی تاریکپەرستانی تیرۆرستی نووسی، تیرۆرکرا.

سەلمان روشدی وتەسلیمە نەسرین لە ترسی ئەوانەی گوێیان بە لۆکەی پڕوپووچ ئاخنیوە، تا گوێیان لە ڕاستییەکان نەبێ و هیچ کات ڕاستی قبووڵ ناکەن و بە کفری دەزانن، لە وڵاتی خۆیان دەربەدەرکران.

وا لای خۆشمان، هەڵمەتێکی بەر فراوان و دوور لە مەنتق کراوەتە سەر مەریوان هەڵەبجەیی نووسەر. ئەو لە کتێبەکەیدا، جگە لەوەی تەنیا دەیەوێ بابەتگەلێك بورووژێنێ و بیکاتە بابەتی قسە و باس و وەڵام بدرێتەوە، بەزەندیق و کافر تۆمەتباری دەکەن.. تیرۆر خەریکە بەفەرمی کار دەکات و شەرعییەت بە هەڵوێست کردارەکانی خۆی دەدات!زەونتی عەقڵمان دەکات ولە مرۆڤایەتیمان دادەبڕێت. چ کارەساتێکە، خۆمان تیرۆریسیت بین و دژی تیرۆریش بووەستینەوە!ماڵوێرانییەکەش لەوەدایە، ئەوانە دژی وەستاون، کتێبەکەیان نەخوێندۆتەوە! لە بری گفتوگۆ کردن لە سەر دێڕ بە دێڕی کتێبەکە، نەتوای کوشتنی دەدرێت! چ ئیفلاسی فکرییەکە!

لە کۆی ئیفلاسی فکری و بێدەنگیی بوونیان هەبێت، تیرۆر ئامادەیی زیاتری دەبێت، لە هەر کوێیش گفتوگۆ و فکر ئامادەیی هەبێت، تیرۆر جێ پێی لە قەو لە پاشەکشەکردندا دەبێت.
ناکرێ لە سەر ئەو هەڕەشەیەی لە سەر ئەو نووسەرە و هەر نووسەرێك هەیە، بێدەنگیی بکرێت. با ئێمەی نووسەران بێدەنگیی لێ نەکەین و نەبینە ئەو مریشکانەی لە وەبرخانەکاندا (مجزره) ڕیزیان بە ستوون، وتا ئەو ساتەی چەقۆی مەرگ سەری بەتاڵیان لە ملیان جیا دەکاتەوە، دەنووك لە دان دەگێڕن. لە وڵاتەکەماندا واپەیتا پەیتا ژیان بەرەو وەستان ملدەنێ، چونکە خەریکە ئەوان خەونەکانیان دێتەدی و کەلاوەکانمان لێ دەگۆڕن بە بەهەشت و باخچە و کۆشکی نایاب و ژیانیمان دەکەن بە دۆزەخ، ئەو دۆزەخەی تەنیا شوێنە جێگەی لێبوردنی تێدانابێتەوە....